سەرۆك کۆمار جەخت لە پێویستی کارکردنی سەربەخۆ و دوور لە کاریگەریی سیاسییەکان دەکاتەوە

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پێشوازی لە زیاد ئەلجەنابی سەرکی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان کرد و جەختی لە پێویستی کارکردنی سەربەخۆ و دوور لە کاریگەریی سیاسییەکان کردەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ دووشەممە 12-2-2024 لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچوو، سەرۆك کۆمار جەختی لە پێویستی بەدواداچوون بە دەسەیەکانی گەندەڵی و کارکردنی جددی لەپێناو سنوردانان بە بەهەدەردانی سامانی گشتی کردەوە.

هەروەها گرنگی تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی بەردەم کارەکانی لیژنەکەی دوپاتکردەوە بەشێوەیەک کە بەشداربێت لە بەردەوامیدان بەڕێی چاودێریکردنی کاری وەزارەت و دەزگا و دامەزراوە جیاجیاکان.

سەرۆك کۆمار تیشکی خستەسەر بایەخی کارکردنی لیژنەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە کاریگەریی سیاسییەکان، کە دەبێتەهۆی بەهێزکردنی بڕاوکردنەوەی بەها و بنەماکانی دەستپاکی و گەشەکردنی پێیوەندییەکانی نێوان هاووڵاتیان و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

لەلایەن خۆیەوە، سەرکی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان دوپاتیکردەوە، لیژنەکە بەپێی ستراتیژێکی گشتگیر کاردەکات بە پاراستنی سامانی گشتی. ئاماژەی بەوەشکرد، کە راپەڕاندنی ئەرکەکانیان بەتەهای بەرزبونەوەی ئاستی کارەکانیان لەمدواییانەدا ئەویش لەڕێگەی ئاشکراکردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی و

گرتنەبەری ڕەوشەنە یاسایییەکان دژبە گەندەکاران